# هەر مسوڵمانێک لە سەر زەوی نزا بکات وداوا لە خودا بکات؛ ئەوا خوای گەورە بە گوێرەی نزاکەی پێی دەبەخشێت، یان ئەوەتا شەڕ وخراپەیەکی لێ دووردەخاتەوە، ئەگەر نزاکەی تاوان وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت

لە عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- وئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر مسوڵمانێک لە سەر زەوی نزا بکات وداوا لە خودا بکات؛ ئەوا خوای گەورە بە گوێرەی نزاکەی پێی دەبەخشێت، یان ئەوەتا شەڕ وخراپەیەکی لێ دووردەخاتەوە، ئەگەر نزاکەی تاوان وپچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت».پیاوێک ووتی: کەواتە نزا زۆر دەکەین، ئەویش فەرمووی: «خودا زیاتر دەبەخشێت»، لە گێڕانەوەکەی (ئەبی سەعید): «یان ئەوەتا خودا بە گوێرەی نزاکەی پاداشتی بۆ (هەڵدەگرێت (بۆ قیامەت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە هانی هەموو مسوڵمانێک دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەوی هەبێت لەگەڵ پەروەردگاردا، بە قسە وکردەوە، ونزا لە دڵێکی ڕاستگۆوە دەردەچێت کە پەیوەستە بە خۆشەویستی خوای گەورەی بەرز وشکۆدار، ودەرگای ئاسمانەکان بۆ ئەم نزایە دەکرێتەوە، وخوای گەورە وەڵامی نزاکان دەداتەوە چونکە تەنها هەر ئەوە کە وەڵامی کەسانی خاوەن پێویستی دەداتەوە ئەگەر داوای لێبکەن، وناخۆشییەکان لادەبات، ونزا نافەوێت، یان ئەوەتا وەڵام دەدرێتەوە وداواکراو دێتە دی، یان ئەوەتا بە هۆی ئەو نزایەوە خوای گەورە خراپە وشەڕێک لەسەر ئەو کەسە دوور دەخاتەوە، یان ئەوەتا بە گوێرەی نزاکەی پاداشتی بۆ هەڵدەگرێت وئەوەی لای خودایە خێرتر وزۆرترە لەوەی کە خەڵکی داوای دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5100